**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٤٦٩٨ لە ٢٠٢٢/٢/٢٢**

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**گواستنەوەی گوندی (نزیرکی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ماددەی شەشەم بڕگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەمواركراو ، و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی و هێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکرا و ، و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٣٨٨) لە ٢٠٢٢/١/١٨ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** گواستنەوەی گوندی (**نزیرکی**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لەسنوری ناحیەی ئەتروش/ قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک بە رووبەری (١١ دۆنم و ٦ ئۆلك و ٦٧م٢) یازدە دۆنم و شەش ئۆلك و شەست و حەوت مەتر دووجا لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥٠ لە کەرتی ٨٩/نیرکی) بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم** : ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (**هۆبەی جوانکاری و رێککاری سینگ** ) لە نەخۆشخانەی رزگاری فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢١.

**بەیانی ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (**هۆبەی نەخۆشییەکانی هەناسە** ) لە نەخۆشخانەی رزگاری فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٣.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**